# ئایاری 2007 لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە ئاڵای سوور پێشوازی لێکرا!
# ڕاپۆرتی کاروچالاکیەکانی هەڵسوڕاوانی حزب بەبۆنەی 1ی ئایار لەکوردستان

بەبۆنەی پێشوازی لە 1ی ئایار، ڕۆژی هاوپشتیو هاوخەباتی چینی کرێکار، لەناوەڕاستی نیسانی 2007 لەشاری سلێمانیو دواتریش لە کەرکوكو شارەزور، لیژنەی پێشوازی لە1ی ئایار پێك هاتو سەرپەرشتی سەرجەم چالاکیەکانی لیژنەکەی کرد بەبۆنەی 1ی ئایاری 2007 لە کوردستاندا، ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لەو چالاکیانە:

**سلێمانی**:

پاش ئەوەی کە ڕۆژی 2007/4/14 بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هەڵسوڕاوانی کرێکاریو کۆمۆنیستی، لیژنەیەکی 24 کەسی بۆ پێشوازی لە 1ی ئایار ڕاگەیەنرا، بەرنامەیەك بۆ چالاکیەکانی 1ی ئایار دانراو کارەکان لەنێوان ئەندامانی لیژنەکەدا دابەشکرا، سەرەتا ڕاگەیاندنی لیژنەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیداو لەڕۆژی 2007/4/17 لەلایەن ئەکرەم محمد ئەندامی کۆمیتە ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی حزبو نوێنەری شوراو سەندیکا کرێکاریەکان ئاشکرا کرا، کە زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسانی سەربە ڕاگەیاندنەکانی ناو شاری سلێمانی ئامادەی بونو دواتریش لە زۆربەیاندا هەواڵەکە بڵاوکرایەوەو چەندین چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنوسی لەو بارەیەوە ئەنجامدرا. وەچەند لیژنەیەك دیاری کران بۆ کارەکانی ڕاگەیاندنو پەیوەندیەکانو کۆکردنەوەی مالیو..هتد، سەردانی چەندین ناوەندو ڕێکخراوو کەسایەتی کرێکاریوچەپو کۆمۆنیستی کرا، کە بەگەرمی پێشوازی لە ئەندامانی لیژنەکە ئەکرا. وە چەند چالاکیەکی کۆمەڵایەتی لەچەشنی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ خواستەکانی کرێکارانی کوردستان لە ئایاری 2007دا، کۆکردنەوەی ئیمکانیەتی مالی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، سەردانی کرێکاران لەکارگەو فەرمانگەکانو شوێنە گشتییەکانی سلێمانی، بلاو کردنەوەی ڕاگەیاندنەکانی لیژنەکەو حزبو پۆستەرەکانی حزبو لیژنەی پێشوازی، سەردانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی،..هتد، کراو بەگەرمی لەسەرجەم ئەو جێگایانە پێشوازی لەم سەردانو چالاکیانە کرا.

وە لەڕۆژی 4/28 و بەبۆنەی ساڵرۆژی جیهانی قوربانیانی کار، کۆنفرانسێك سازکرا لە هۆڵی دیالۆگی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، کەتیایدا دەیان کەسایەتی کرێکاریو چەپو کۆمۆنیستی لەگەڵ ژمارەیەك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامادەی بوون، باسەکانی کۆنفرانسەکە کە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند لەلایەن هاوڕێیان شەماڵ علی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو ئەکرەم محمد ئەندامی کۆمیتە ڕابەری حزبەوە پێشکەشکرا، وەلەلایەن ئامادەبوانەوە بەشداری جدی کرا لەسەر باسەکان، وەبڕیاردرا کەساڵانە ئەم یادەبکرێتەوەو کاربکرێت بۆ ئەوەی ئاماری ئەو کرێکارانە بکرێت کەئەبنە قوربانی نەبوونی ئەمنیەتی کار، تەواوی کۆنفرانسەکەش لەلایەن وەستا مەهدی سکرتێری کۆمیتەی سلێمانی حزبەوە بەڕێوەبرا.

وە لە ئێوارەی ڕۆژی 4/30 لە مەیدانی کرێکارانی بیناسازی میتینگێك بەڕێوە چوو، کەلەلایەن وەستا حسێن و وەستا مەهدیەوە ووتار بۆ کرێکاران خوێنرایەوە، وە پۆستەرو لافیتە سورەکانی 1ی ئایار لە هەرچوارلای ئەو جێگایە هەڵواسرانو شوێنەکە ڕازێنرایەوە. هەر لەوێش ژمارەیەکی زۆر ئیمزای پشتیوانی لە خواستەکانی ئایاری 2007 کۆکرایەوە، وە هاوکات ژمارەیەك لەکرێکارانی بیناسازی ڕاگەیاندنی لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆبونەوەی گشتی کرێکارانی بیناسازییان بڵاوکردەوە.

وە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە بەردەرکی سەرا، پێشانگایەکی کاریکاتێری بۆ هونەرمەند سەردار عبدولڵا کرایەوە، کە هاوکات لەگەڵیدا مێزی ڕاگەیاندنەکانی ئایارو بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەرو بەیاننامەکان دانرا، کەژمارەیەکی زۆر لەخەڵك سەردانی جێگاکەیان کردو دەستخۆشی چالاکیەکەیان لەهاوڕێیانو دەستخۆشیش لە سەردار عبدولڵا کرا بۆ بەرهەمەکانی. شایەنی باسە کە گروپێکی 10کەسی لەهاوڕێیانی حزب بەسەرپەرشتی کامەران لەتیف بەپرسیارێتی بەڕێوەچوونی ئەم چالاکیەیان لەئەستۆ گرتبوو.

وە ڕۆژانی 4/27 بەدواوە ڕۆژانە چەندین تیم بۆ هەڵواسینی لافیتەو پۆستەرەکانی حزبو لیژنەکە لەچەندین شوێنی گشتی شارو لە زۆرێك لە بازارو گەڕەکەکاندا دەردەکەوتنو هاوکات بانگەوازی خەڵکیان ئەکرد کە لە چالاکیەکانی ئایاردا بەشداری بکەن، کە لەلایەن خەڵکی شاری سلێمانیەوە بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرا.

وه لەڕۆژی 1ی ئایارو لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، دەیان هەڵسوڕاوی کرێکاری بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕێپێوانی کرێکاران‌و کۆمۆنیستەکان لەجێگەو شوێنە جیاجیاکانی شارەوە بەرەو شوێنی کۆبونەوەکە دەستە دەستە ئەهاتن‌و دەیان لافیتەی سور کە دروشمەکانی ئایاری لەسەر بوو بەدەست کرێکارانەوە بەرز کرابووەوە، وە وێڕای ئامادەبونی دەیان ڕابەری کرێکاری ناوەندە جۆربەجۆرەکانی سلێمانی، چەندین دەزگای ڕاگەیاندن لەوێ ئامادەبوون‌و ڕاپۆرتی ئەو چالاکیەو چەندین چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەریان ساز ئەدا. ڕێپێوانەکە لەبەردەم ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی لەگەڕەکی عقاری دەستی پێکردو بەشەقامی سەرەکی ئەو جێگایەدا بەرەو دەرگای سەرەکی پارکی ئازادی لەتەنیشت کانێسکان بەڕێکەوت. ئامادەبوان، بەیەك دەنگ دروشمەکانی" ئازادی.. ئازادی، بێقەیدوشەرتی سیاسی"و " هەر بژی 1ی ئایار... ڕۆژی چینی کرێکار"و چەندین دروشمی تریان دەوتەوەو بەم شێوەیە شۆڕو شەوقی دەیان کەسی تری هێنایە جۆش‌و بە ڕێپێوانەکە پەیوەست بوون، کە لەناو ئەو کەسانەی کە هاتنە ناو ڕێپێوانەکە، چەندین کرێکاری فلیپینی بوون کەلە شاری سلێمانی کاردەکەن، وە بڵنگۆشیان بۆ خرایە سەر پشت تا پیرۆزبایی خۆیان بنێرن بۆ کرێکارانی کوردستان.

پاشان ڕێپێوانەکە گەیشتە ناو پارکی ئازادی‌و لەوێ مەراسیم دەستی پێکرد، مەراسیمەکە بەسرودی ئەنتەر ناسیونالّ کرایەوەو لەلایەن کامەران لەتیف بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالآنی کوردستان پێشوازی لە ئامادەبوان کراو بەرنامەی مەراسیمی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە. ئینجا ووتەی لیژنەی پێشوازی لە 1ی ئایار لەلایەن ئەکرم محمد پێشکەش بەئامادەبوان کرا، کە تیایدا چەندین ئاماری خستە ڕوو کە وەك یاسا ساڵآنێکە زۆرێك لەولآتان پەسەندیان کردوەو کاری پێئەکەن، کەچی لەکوردستان پاش ئەو چەندین دەیەیە هێشتا کێشەو گرفتەکانی کرێکاران ئاڵوگۆڕێکی بەخۆوە نەدیوە. وە ئەوەیشی ڕاگەیاند کە ئەم لیژنەی پێشوازیە لەداهاتوادا کار دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کرێکاری کە داکۆکی لەسەرجەم ماف‌و خواستەکانی کرێکاران بکات. وەهاوکات بڕیارنامەی ئایاری 2007ی بۆ کرێکاران خوێندەوە.

پاشان ووتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەلایەن زمناکۆ عزیز سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حزبەوە پێشکەش کرا، کە وێڕای پیرۆزبایی بەناوی سکرتێرو سەرۆکی مەکتەب سیاسی‌و ڕابەری حزبەوە لەئامادەبوان، ئیشارەی بە ڕێگریەکانی بەردەم کاری کرێکارانی کوردستان کردو تایبەتمەندیەکانی باس کرد، کەجیاوازە لەهەر جغرافیایەکیتری ئەم دنیایە، وە بۆ تێپەڕاندنی ئەم هەلومەرجە سەخت‌و مەینەتبارە ووتی" ئەگەر کرێکاران نەبنە بەشێك لەدەسەڵات‌و خۆیان ئیدارەی خۆیان‌و کۆمەڵگا بەڕێوە نەبەن، مەحاڵە بتوانرێت قسە لە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بکرێت" وە دووبارە تەئکیدی لەسەر جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرەقەومی‌و غەیرە دینی کردەوە، کە کلیلی چارەسەری گرفتەکانی کرێکاران‌و سەرجەم ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە.

لەدوای ئەوە وەستا مەهدی هەڵسوڕاوی مەیدانی بیناسازی ووتارێکی بەئامادەبوان پێشکەش کردو جەختی لەسەر ڕێکخراوبونی کرێکاران کردەوەو بانگەوازی کردن کە پەیوەست بن بە چالاکیەکانی لیژنەی ئامادەکاری دامەزراندنی یەکێتی کرێکارانی بیناسازییەوە.

دواین ووتاریش لەلایەن "ئاکۆ" کە هەڵسوڕاوێکی گەنجەو ئەندامە لە "کەمپینی دادگایی سەرۆ قادر" خوێنرایەوە، کە وێڕای پیرۆزبایی 1ی ئایار، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێگەنەدرێت هیچ کەس‌و لایەنێك سوکایەتی بەخەڵکی کوردستان بکەن‌و هەر سەرپێچیکارێکیش سزای یاسایی وەربگرێت.

وە هەر لەو مەراسیمەدا چەندین بروسکەی پیرۆزبایی ڕێکخراوو ناوەندو حزب‌و لایەن‌و کەسایەتیەکان بەدەست سەرپەرشتکارانی مەراسیمەکە گەیشت کە تیایدا پەیامی هەردوو حزب"حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حکمەتیست، حزبی کۆمۆنیستی ئێران-کۆمەڵە"ی تیادا بوون. وە زۆرێك لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و تەلەفزیۆنەکان هەواڵی ئەم چالاکیە کرێکارییەکان پەخش‌و بڵاوکردەوە.

## کەرکوك:

لەسەرو بەندی پێشوازی لەیەکی ئایاردا کۆمیتەی کەرکوکی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق بۆبەرز ڕاگرتنی ئەم یادە کرێکاریە هەستا بەئەنجام دانی چەند چالاکیەك کە بەم جۆرە بوو:

سەرەتا بەهەڵواسینی دەیان لافیتەو بەرز کردنەوەی شیعاری دژ بە شەڕی تایفی و گەندەڵی و چەندین شیعاری تایبەت بەشاری کەرکوك شاری ڕازاندەوە پاشان هەستا بەهەڵواسینی سەدان پۆستەر کە بۆ ئەم یادە ئامادە کرابو، دوابەدوای ئەمانە وە لەڕۆژی 2007/4/29 ئاهەنگێکی گۆرانی و هەڵپەڕکێی لەگەڕەکی شۆرجە سازدا بەبەشداری تیپێکی مۆسیقا، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئاهەنگەکەدا هاوڕێ ئازاد مەجید ئەندامی کۆمیتەی کەرکوك و بەرپرسی بەڕێوەبردنی مەراسیمی یەکی ئایار بەدەنگە زوڵاڵ و پڕلە سەداکەی و بەوتنەوەی شیعارە ئایاریەکان شوێنی ئاهەنگەکەی هێنایە جۆش و جەماوەرەکەی بەرەو لای ئاهەنگەکە

جۆشدا پاش ئەوەی جەماوەرێکی فراوان لە شوێنی ئاهەنگەکە کۆبووەوە و دەستیان کرد بەشایی و هەڵپەڕکێ وە ئەو هوتافە کرێکاریانەی کە لەلایەن هاوڕێ ئازاد مەجیدەوە ئەوترا ئەوەندەی تر ئاهەنگەکەی ڕازاوەترو قەشەنگ تر کرد، شایانی باسە لەکاتی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکەدا شیرینی بەسەر جەماوەری ئامادە بوودا دابەش کرا.

وە هەر لەدرێژەی چالاکیەکانی یەکی ئایاردا کۆمیتەی کەرکوك هەستا بەسازدانی مەراسیمێك لەڕۆژی یەکی ئایارداو لەباخچەی ئەفراح  کە بەرنامەکانی بەم جۆرە بوو:

سەرەتا مەراسیم بەسرووودی ئەتەرناسیونال دەستی پێکردو پاشان وتاری حزب لەلایەن هاوڕێ ڕەمەزان سابیر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی کەرکوکەوە پێشکەش کرا کەتیایدا هاوڕێ ڕەمەزان وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم کرێکانی جیهان بەگشتی و کرێکارانی عێراق بەتایبەتی هاوکات باسی لەوەزعی مەینەتباری خەڵکی عێراق بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی لەم چوارساڵەی پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو  هاوپەیمانەکانیەوە کردو پاشان باسی لە وەزعی شاری کەرکوك و بەنبەست گەیشتنی ڕێگەچارەی ئەمریکاو دەسەڵاتدارانی عێراقی کرد وە تەئکیدی لەوەکردەوە کە کەرکوك شاری هەمووو دانیشتوانەکەیەتی بەبێ جیاوازی وەپێی لەسەرئەوەداگرت کە بۆپێش گرتن لەئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی قەومی  تەنها ڕێگەچارە یەکڕیزی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم شارەیە وە لەکۆتایی قسەکانیدا تەئکیدی لەسەر ئەوەکرد کە حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی عێراق خەبات ئەکا بۆ کۆتایی هێنان بە هەر چەشنە هەلاّواردنێکی تایفی و قەومی ودەستەبەر کردنی ئەمنیەت و ئاسایش بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئەم شارە، پاشان بەیانی حزب بەزمانی عەرەبی لەلایەن هاوڕێ سەدر نوری ئەندامی کۆمیتەی کەرکوکەوە خوێندرایەوە.

دوابەدوای ئەوە پارچە شیعرێکی عەرەبی لەلایەن هاوڕێ سەعد کادری حزبەوە پێشکەش کرا، ئینجا پارچە پەخشانێك خوێنرایەوە کەتایبەت بووبە کوشتنی وەحشیانەی ( دوعا ) ئەو کچە تەمەن 17 ساڵە یەزیدیەی کە لە بەعشیقەی لای موسڵ بەتاوانی خۆشەویستی بەرد باران کرا، هاوکات چەندین بروسکەی پیرۆز بایی لە لایەن لاوان و ناوەندە کرێکاریەکان و جەماوەری گەڕەکەکانەوە بەم بۆنەیەوە پێشکەشکرا، ئەمانەو هاوڕێ ئازاد مەجید بەچەندین هوتاف و هۆنراوەی کرێکاری ئاهەنگەکەی ڕازاندەوە، بەشی دووەمی بەرنامەی مەراسیم بریتی بو لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ، شایانی باسە هونەرمەندی ناسراوی گەڕەکی شۆرجە کاك داوود بەچەندین گۆرانی ئاهەنگەکەی شۆرجەو مەراسیمەکەی ڕازاندەوە، دواتر مەراسیمەکە لەنێو شۆڕو شەوقی جەماوەری ئامادە بوودا کۆتایی پێهات.

## سەید سادق:

بەهەمان شێوە لە شارۆچکەی سەید سادقیش پاش ئەوەی دەیان پۆستەری لیژنەی پێشوازیو حزب لەناو شوێنە گشتیەکانو شەقامی سەرەکی نێوان سلێمانیو شارەزوردا هەڵواسرانو دەیان دروشمی حزب لەجێگا سەرەکیەکانی ئەو شارەوە ئەبینران، هاوکات لەئێوارەی ڕۆژی 1ی ئایار مەراسیمێك بەم بۆنەیەوە سازکرا، ئەم مەراسیمە بە بەشداری هەردوو حزب "زەحمەتکێشانی کوردستان، شیوعی کوردستان" بەڕێوەچوو، بەڵام  ئیدارەی ئەو شارە بەهۆی بونی پۆستەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەناو هۆڵەکە قەڵس بونو ویستیان مەراسیمەکە بشێوێنن بەڵام پاش چەند دانیشتنێك توانرا کێشەکە چارەسەر بکرێت. وەیەکێك لەقسەکەرانی سەرەکی مەراسیمەکە پشتیوان کەریم ئەندامی کۆمیتە ڕابەریو بەرپرسی تەششکیلاتی حزب لەشارەزور بوو، کە قسەکانی جێگای پێشوازی گەرمی ئامادەبوان بوو و بەچەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا.

## هەولێرو گەرمیانو پشدەرو بتوێن:

بەهەمان شێوە لەم جێگایانەش ڕێکخستنەکانی حزب لەپێشوازی 1ی ئایاردا چەندین لافیتەی سورو پۆستەرەکانی حزبو لیژنەی پێشوازیان بەشوێنە گشتیو سەرەکیەکانی شارەکانەوە کردو لەچەندین جێگە کۆبونەوەی دەیان کەسی لەگەڵ خەڵکدا ئەنجامدراوە، وە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازی لە هاوڕێیانی حزب کراوە.

شایەنی باسە کە سەرجەم ئەو خەرجیانەی کە بۆ ئەم چالاکیانە سەرف کراون کە چەندین ملیۆن دینار بوو، سەرجەمی لەلایەن ئازادیخوازانو ئەندامانی حزبو لایەنگرانی حزب کۆکراوەتەوە. بۆیە سوپاسی سەرجەم هەموو ئەکەسانە ئەکەین کە بەهەر شێوازێك بۆیان کرا بەشداریان لەچالاکیو هەڵسوڕانەکانی 1ی ئایاردا کرد.

**ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

2007/5/4